سەرۆکی بەنگلادیش پەرلەمانی وڵاتەکەی هەڵوەشاندەوە

میدیای بەنگلادیش بڵاویکردەوە، مەحەممەد شاهابودین سەرۆک کۆماری وڵاتەکە لەگەڵ نوێنەرانی سوپا، پارتە سیاسییە جیاوازەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێبەری ئەو خوێندکارانەی خۆپیشاندانیان دەکرد کۆبووەوە.

پاش کۆبوونەوەکە، شاهابودین بەمەبەستی پێکهێنانی حکومەتی ڕاگوزەر، پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە و بەگوم خالیدە زیا، ڕێبەری پارتی نەتەوەیی بەنگلادیش و سەرۆک وەزیرانی پێشووش ئازادکرا.

ڕێبەرانی خۆپیشاندەرانی خوێندکارانی بەنگلادیش داوا دەکەن مەحەممەد یونس کە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە بۆ ئاشتیی سەرۆکایەتی حکومەتی ڕاگوزەر بکات.